# شەونم

له ساتێك دا
ئەبم به ئاو
دلۆپ دلۆپ وەك و باران
له شەقامی چاوەڕوانی ئێوارەت دا
کەزێکانت تەردەکەم و
دەڕژێمه سەحرایی ڕوتەوە
وەك و شەونم کە بەهاران  ڕوی هەلالان تەڕ ئەکات و
له چاوی نێرگز دێته خوار

دەبم به (با)
وەك و  نەسیمی دەم سەبا
به ڕوخسارتا هەلەخشێم
ئەبم به سنوری ئاسمان
ئێشکی (هەستاران ) دەگرم
ئەبم به  پانتای زەوی
بەدیارتەوە
تا باوێشکه شەکەتت ئەکاو
تا  پێلوەکات لێك دەنێی و
تا ئەخەوی......

سیروان ئەمین

04/08/24

# تکا

تۆ و بەرائەتی  پاییز و
چاوەگەشەکانی سەماو
گەورەیی ڕۆژ
بەسیفۆنایی عەشقێکی شێت بمدوێنە
چون  دلنیام زەمەن کورتە و بەشمان ناکا
جا چیت پێ یە لەئەزمونی خۆشەویستی
لە جامێکا بیرژێنە
ئەگەر ویستت عەزێتم کەی
پێویست ناکا کەلەیی بی
یەك دوو ساتێ رووت وەرگێرە و
هەناسەیی سارد لەگەرووم دا
بسوتێنە............

سیروان ئەمین

04/08/22